شاندێکی بەرەی تورکمانی لەگەڵ بریکاری وەزیری دەرەوەی تورکیا لە ئەنقەرە کۆدەبنەوە

شاندێکی بەرەی تورکمانی لەگەڵ بریکاری وەزیری دەرەوەی تورکیا لە ئەنقەرە کۆدەبنەوە.

حەسەن توران، سەرۆکی بەرەی تورکمانی عێراقی و ئەرشەد ساڵحی، سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی لەگەڵ نوح یەڵماز، بریکاری وەزیری دەرەوەی تورکیا لە ئەنقەرە کۆبونەوە.

حەسەن توران لەبارەی کۆبونەوەکەوە لە هێژماری خۆی نوسیویەتی، "لە کۆبونەوەکەدا پێداچونە بە پەیوەندییە دوو قەیییەکانی نێوان عێراق و تورکیا وەك دوو وڵاتی برا کرا، باس لە ڕێگاکانی بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییانە کرا، هەروەها باس لە دۆخی کەرکووک و ناوچە تورکمانییەکان و دواین گێانکارییەکانی شارەکە کرا".